# ڕۆژنامەی ستار: پارێزگاری کەرکورد

ئا: بەکر شوانی

هەڵبژاردنی کوردێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکوک، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیای توشی خەیاڵ شکاندن و بێهیواییەکی گەورە کرد، چونکە ئەوان چەندین ساڵە کەرکوک وەکو شارێکی تورکمانی بە خەڵکی تورکیا دەناسێنن پێیان وابوو کە دەبێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ بۆچوونە سەختەکانی ئەواندا یەکبگرێتەوە. ئەو دەزگایانە بە هەڵبژاردنی کوردێک بە پارێزگار و گەڕانەوەی مافی زەوتکراو بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی، دەستێکیان کەوتە ئەملا و دەستێکیان کەوتە ئەولا و لە چۆنێتی گەیاندنی هەواڵی هەڵبژاردنەکەدا توشی سەرلێشێوان و پەلەقاژێیەکی سەیر بوون. مەزنترین سوکایەتیکردن بە خەڵکی کورد قوڵترین هەست بریندار کردنی میللەتێک کە لەم ماوەیەدا لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی تورکیا بینرابێ، مانشێتی ژمارەی ڕۆژی 2003/5/29ی ڕۆژنامەی "ستار"ە کە دوێنێ لە ئینتەرنێت دا کەوتە بەرچاوم. ڕۆژنامەکە سێ پیتی سەرەتای وشەی کەرکوکی لەگەڵ وشەی کورد (کە ئەوان –کویرت–ی پێ دەڵێن) لێکداوە و بە مانشێتی گەورە نوسیوێتی: (کەرکویرت ڤالیسی، واتە پارێزگاری کەرکورد) .
ئەگەرچی بە ڕواڵەت وا دیارە ڕۆژنامەکە ویستوێتی یاری بە وشەکان بکات، بەڵام ئەوانەی کە شارەزای پێشینەی ئەم ڕۆژنامەیەن و کرۆکی ڕۆژنامەگەری تورکیا دەناسن، زوو تێدەگەن کە مەبەستی سەرەکی لەم مانشێتە، سوکایەتیکردنە بە دەیان ملیۆن مرۆڤی کورد. ئەم ڕۆژنامەیە لە کاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق و کوردستانیشدا پەیامنێرێکی بە ناوی یوسف ئەرئۆغلۆ ناردبووە کوردستان کە بە درێژایی ماوەی مانەوەی لەوێ، زنجیرەیەک هەواڵی پێچەوانە و شیکردنەوەی هەڵبەستراوی بۆ ڕۆژنامەکە ناردەوە.
شایەنی باسە خاوەندارێتی ڕۆژنامەی "ستار" و کەناڵێکی تەلەفزیۆن بە هەمان ناو و چەندین کۆمپانیای گەورە بۆ بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بە ناوی "ئوزان" دەگەڕێتەوە. ئەم بنەماڵەیە لە ڕێی "پارتی گەنج"ەوە بە سەرۆکایەتی جەم ئوزان هاتنە مەیدانی سیاسەتیشەوە و پارتی ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی 3/ 2002/11ی تورکیادا بە وەرگرتنی ڕێژەی 2 .7% ی دەنگەکان، پلەی پێنجەمی بەدەستهێنا.
لەلایەکی تر ئەم سوکایەتیکردنەی ڕۆژنامەی ستار بە کورد، لەناو کۆمەڵگای باکوری کوردستاندا بە توندی شەرمەزار کرا و بە پێی هەواڵێک کە لە ژمارەی ڕۆژی 2003/6/15 ی ڕۆژنامەی "ئوێزگویر پۆلیتیکا" دا بلاوکراوەتەوە، شارەوانی قەزای مەلازگرتی سەر بە شاری موش، لە ئاکامی نارەزایی دەربڕینی جەماوەری ناوچەکە دژ بە ڕۆژنامەی "ستار"، پەخشی تەلەفزیۆنی "ستار"ی لە کابلی شاردا ڕاگرت. جێگری سەرۆکی شارەوانی مەلازگرت نەدیم ئالکان لە لێدوانێکدا وتی: (خەڵکی مەلازگرت لەم کارەی ڕۆژنامەی "ستار" زۆر پەستن و هاتن داوایان لە ئێمە کرد کە پەخشی تەلەفزیۆنی "ستار" ڕابگرین. ئێمەش لە ئەنجامی نارەزایی توندی خەڵکی شارەکەدا لە 12 ی حوزەیرانەوە پەخشی ئەو کەناڵەمان ڕاگرت.)
لە دیاربەکریش دەستەیەکی پەنجا کەسی کچان و کوڕانی لاو بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە ڕۆژنامەی "ستار" چوونە بەردەم بارەگای شارەوانی و، لەوێوە بە دەم دروشم وتنەوە لەدژی جەم ئوزان هەتا بەردەم بارەگای لقی پارتی گەنج ڕێگایان پێوا. زەینەب کاتار لە وتەیەکدا بە ناوی لاوانەوە داوای لە دۆزگەر و دادوەران کرد کە هەنگاوی یاسایی پێویست لەدژی ڕۆژنامەی "ستار" هەڵبگرن و داوایشی لە هەموو خەڵکی کورد کرد کە گەمارۆ بخەنە سەر بەروبومی کۆمپانیاکانی سەر بە گروپی ئوزان.